## کچێکی تری گەنج بە هۆی خەتەنە کردنەوە مرد

ڕۆژی دووشەممە ١٠ی مانگی جوونی ٢٠١٣ بە پێی هەواڵی ڕۆژنامەیێکی میسری کچێکی تری ١٣ ساڵەی میسری لە قاهیرە، دوای ئەوەی کە لە خەستەخانە خەتەنەی دەکەن، گیانی خۆی لە دەست دەدات.

هەموو ڕۆژێک لە دەور و بەری ٦٠٠٠ کچ و ژن لە تێکڕای جیهاندا خەتەنە دەکرێن. هەندیکی تر تەنانەت بە بێ ئەوەی ئاماژەیەک بە خەتەنە کردنەکەیان بکرێت، دەمرن.

لە ساڵی ١٩٩٤، ڕێکخراوی تەندرۆستی جیهانی (WHO) و یەکێتی نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) داواکاری ڕاوەستاندنی خەتەنە کردنی ژنان بوون کە پێشی دەوترێت لەتو پەت کردنی کۆئەندامی زاوزێ ژنان یان Female Genital Mutilation.

بە پێی چەندین بەڵگەنامە کە لە ڕاپۆرتی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی دا هاتوە، لە سەر کاردانەوەی تێکدەر و خراپی خەتەنە لە سەر تەندروستی کچان و ژنان، سەلمێنراوە و لەو داواکارییە بو بەرپێگرتنی وەها کارێک پشتیوانی لێ کراوە کە تا ئێستا لای زۆر کەس وایە کە ئەم داب و نەریتە رووخێنەرە، بەری پێ گیراوە.

خەتەنەی ژنان یان FGM پروسەیەکە بە هۆی کەلتوور یان دین لەسەر بەشی دەرەوەی کۆئەندامی زاوزێ ژنان دەکرێت.

خەتەنەی ژنان لە کەلتوورە جیاوازەکاندا بە هۆی جۆراوجۆرەوە دەکرێت. ئەمە لە کاتێک دایە کە هیچکام لە کتێبە ئاسمانییەکان وەک: تەورات، ئینجیل یان قورئان دوای خەتەنە کردنی ژنانیان نەکردوە. هەندێک لە مەلاکانی ئیسلام کە پشتیوانی لە خەتەنە کردنی ژنان دەکەن، وا ئەڵێن کە ئەمە بەشیکە لە پەروەردەی ئیسلامی.

بەرنامەی پەروەردەی نیو ساوث ویلز NSW لە سەر خەتەنەی ژنان لە ساڵی ١٩٩٥ەوە کار دەکات کە ئاستی هوشیاری لە ناو گرووپە قەومی و ئێتنیکەکان بەرز بکاتەوە کە لە وڵاتانی تر و بە کەلتوری جیاوازەوە هاتوونەتە ئوسترالیا و لەوێ ژنان خەتەنە ئەکەن. کاری ئەم بەرنامە پەروەردەیی یە، هۆشیاری دانە بە ژنان و پیاوان لە سەر خەتەنەی ژنان و یاسای نیو ساوث ویلز NSW لە دژی خەتەنە یان FGM.

لە بنەڕەتدا چوار جۆر خەتەنەی ژنان یان FGM هەیە:

**جۆرێ یەکەم**
بڕینی پێستی سەرەوەی قوز (کوز) لەگەل بڕینی بەشیك یان تێکڕای میتکە (clitoridectomy)

**جۆری دووهەم**
بڕین و لابردنی میتکە لەگەل بڕینی بەشێک یان تێکڕای لێوە بچکۆلەی قوز (کوز) (Excision)

**جۆری سێهەم**

بڕین و لابردنی بەشێک یان تێکڕای قوز و تەقەڵ لێدان یان تەنگ کردنەوەی کونی قوز (کوز) (infinbulation)

**جۆری چوارەم** پۆلێن نەکراوە
کون کردن، دەرزی و حەڵقەپیاکردن و یان دڕینی میتکە یان لێوەکانی قوز (کوز)
کشاندنی میتکە یان لێوەکانی قوز (کوز)
کەوێ کردن، داخ کردن و سوتاندنی میتکە یان ماسوولکە و بەشەکانی دەوروبەری
داڕنینی ماسوولکە و بەشەکانی دەوری قوز (کوز)

زۆربەی پاشەڵە خراپەکەنی خەتەنەی ژنان بە بەردەوامی تەندروستی ژنان لەو کاتەوە کە ئەم کارە ئەکرێت تا کوتایی ژیانیان، ئەخاتە مەترسییەوە.

**هەندێک لە پاشەڵە خراپەکانی خەتەنەی ژنان بریتین لە :**

**کارکردە دەسبەجێ کان لە کاتی خەتەنە کردندا:**
ئێشی یەکجار زۆر
خوێن لە بەر ڕۆیشتن بە هۆی پسان و دڕانی دەمارە خوینبەرەکانی میتکە
شۆکی دوای خەتەنە کە دەبێتە هۆی مردنیشیان
تێکدان و شیواندنی کۆئەندام و ئۆرگەنەکانی تری لەش وەک مندالدان، بەشی دەرەوەی ڕیخۆڵە و قنگ و یان ناو قوز (کوز)
گیر و گرفت لە کاتی میز کردندا
شکانی ئێسقانی شان، ڕان یان قۆڵ
تووش بوون بە هەوکردنی خوێن، کەزاز، HIV یان هێپاتاتتیز ب

**کارکردە درێژخایەنەکان**
کێشەی میز کردن
جۆرێک لە ئاوسانی بەشی کوتایی دەمارەکان کە ئێشی زۆرە
ئێس و ئازاری زۆر لە کاتی جۆوت بوون و سێکس
هەست بە خۆشی نەکردن و چیژ نەبینین لە جووت بوون و سێکس
ئاوسانی ڕەق لە سەر پێست

**کارکردە ئاڵۆز و درێژخایەنەکان**
ئێش و ئازار لە کاتی سووڕی مانگانە، عادە یان قاعدگی
هەو کردنی ناو قوز (کوز)
میز و پیسایی ڕانەگرتن
گێر و کێشەی سک پڕی و منداڵبوون:
زیاد بوونی ئەگەری سیزاریەن
درێژبوونەوەی کاتی ژانی منالبوون
دڕینی نێوان دەمی قاز (کوز) و قنگ

زیادبوونی ئەگەری مردنی کۆرپە لە کاتی لە دایکبوونی
سکپڕ نەبوون

**هەموو جۆرەکانی خەتەنەی ژنان لە ئوسترالیا نایاساییە**

لە نیو ساوث ویلز NSW، یاسای دژی خەتەنەی ژنان یان FGM لە نێو یاسای تاوانەکان پۆلێن کراوە جێگەی کراوەتەوە و تا ٧ ساڵ زیندانی هەیە. هەر کەس کە لە ئامادەکاری ئەم کارەدا بەشدار بێت، یان پارە و پووڵی بۆ بدات، یان ئەم کارە بکات و یان پێشنیاری بکات، بەدواچوونی بۆ ئەکرێت و زیندانی دەکرێت، ئەگەر وەک تاوانبار بناسرێت.

هەروەها بردنی منداڵە مێینەکان بۆ دەرەوەی وڵات و خەتەنە کردنیان کاتێکە لە دەرەوەی ئوسترالیان، کارێکی دژی یاسایە.

بەرنامەی پەروەردەی نیو ساوث ویلز NSW سەبارەت بە خەتەنەی ژنان هەروەها لەگەڵ دوکتورەکان، نێرسەکان و ئەوانەی کە راژەی تەندروستی پێشکەش بە خەڵک ئەکەن، هاوکاری دەکات تا توانایيەکەنیان بەهێز بکەن بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە ئاگاداری ئەو کچ و ژنانە بن کە بە دەست پاشەڵی خراپی خەتەنەوە دەناڵێنن.

بۆ وەرگرتی زانیاری زیاتر و یارمەتی، تکایە لەگەڵ بەرنامەی پەروەردەی نیو ساوث ویلز NSW سەبارەت بە خەتەنەی ژنان یان FGM، لە ڕێگەی ئەم ژمارە تەلیفونانەوە پێوەندی بگرن (٠٢) ٩٨٤٠٣٨٧٧ (٠٢) ٩٨٤٠٣٩١٠

بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لە سەر بەرنامەکانی ئێمە، سەیری ئەم سایتە بکەن
www.dhi.health.nsw.gov.au/fgm